**ناسنامە**

**لە ڕۆژێکدا.........**
**کە برسێتی وەک کازیوەی بەیانییان،**
**خۆیدەکرد بە زۆر ماڵێکدا!**
**لە ڕۆژێکدا...........**
**کە کاڵاکان..پرچی ڕەشیان پەخشان ئەکرد**
**بەسەر لەشی ئێسک قورسی،**
**گشت دوکان و بازاڕێکدا!**
**لەو ڕۆژەدا..لەو بازارە ئازادەدا!!**
**مناڵێکی ڕووتی برسی،**
**ویستی بووکی حەزەکانی،**
**سواری ئەسپی هەنگاویکا!**
**دەستی کێشا بۆ شارایەک خواردن و نان**
**لێینوسرابوو هەر بۆ ئینسان!**
**مەچەکیان گرت..**
**کوا ناسنامە...کوا ناونیشان؟!**
**کەبیسەلمێنێت تۆی ئینسان!**
**هاواریکرد........**
**پڕ بەگەرووی هاواریکرد**
**ئەی گەورەپیاوانی بازاڕ**
**من ئینسانم.......من ژیانم!**
**ئەوە چاوم...ئەوە گوێچکەم!**
**ئەوە بیرم...ئەوەش زمانم!**
**بە قێزەوە تێیان ڕوانی!**
**(10)دیناری شینیان دەرکرد**
**ووتیان:بەڕێز......لەم بازارە ئازادەدا!**
**ئەمەیە ناسنامەی ئینسان!**
**لەمەت پێیە بۆ ناونیشان؟!!**

**گۆران عەلی**
1992
goranmad@hotmail.com